# تراژیدیای کورد لەسوریا

عەلی حسێن
و.لەعەرەبییەوە: سەلام عەبدولکەریم

چاپی یەکەم . سلێمانی
2012

- ناوی کتێب: تراژیدیای کورد لە سوریا
- نووسینی: عەلی حسێن
- وەرگێڕانی لەعەربییەوە: سەلام عەبدولکەریم
- دیزاینی بەرگو ناوەوە: رەوشت محەمەد
- چاپی: یەکەم ـ سلێمانی 2013
- چاپخانەی:
- تیراژ:

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان**
**ژمارەی ( ) ی ساڵی 2013ی پێدراوە.**

**ئەم بەرهەمە بەرۆحی هاوڕێی بەڕێزم( م.مەریوان عەلی خوارەحم ) پێشکەشە**

# پێڕست


ـ پێشەکی ........................................................................
ـ کوردانی سوریا ................................................................
ـ رژێمی سوریا رێو شوێنە سەرکوتکەرانەکانی دژی کوردان توند دەکاتەوە.................
ـ گەیشتنە دەسەڵاتی حزبی بەعسو گرتنەبەری سیاسەتی قەهری دژی کوردان ............
ـ قۆناغی سەرۆکی گەنج( بەشار ئەسەد)و سەرکوتکردنی زیاتری کورد لەسوریا ...........
ـ پەراوێزەکان ..................................................................
ـ دانراوەکانی نوسەر ..............................................................
بەرهەمەکانی وەرگێڕ..............................................................

# پێشەکی

## لاپەڕەیەکی مێژویی لەبارەی کوردانەوە

توێژینەوەکان لەبارەی رەچەڵەکی کوردانەوە جیاوازن، بەڵام هەندێکیان ئاماژە بۆئەوە دەکەن، تێکەڵەیەکن لەفارسو گەلە شەڕکەرە کۆچەریەکان، کەلەو ناوچە شاخاویە سەختانەدا بون. ناوی کوردستان واتە وڵاتی کوردان(لەسەدەی 12ی زاینیو لەماوەی فەرمانڕەوایی سوڵتانی سونجوڕی سەلجوقیدا دەرکەوتوە، بەڵام پێش ئەوە وڵاتەکەیان پێیوتراوە دیاربەکر یان جەزیرە). ئەمڕۆش(ناوچەکانی کورد بۆحەوت دەوڵەت درێژدەبێتەوە، کەبریتین لە: ئێرانو تورکیاو عێراقو سوریاو ئازەربایجانو ئەرمینیاو جۆرجیا، دانیشتوانی کورد ئێستا بە 40چل ملیۆن کەس دەخەملێنرێت)، خەملاندنی نافەرمیە. سروشتی شاخاوی بەسەر وڵاتەکەیاندا زاڵە، تەنانەت دەوترێ کوردو چیا لەیەکتری جیاناکرێنەوە. لەژیانی پێشتریشیاندا شەقڵی دەشتەکیو کۆچوڕەوکردن هاوینانو زستانان بەسەریاندا زاڵبوە. لەئیشوکاریاندا بەشوانکارەییو کشتوکاڵەوە لەسەر شێوەی هەرەوەزی سەرقاڵن، هەندێکیان لەگوندو شارە شارستانیەکاندا نیشتەجێن. ژنان لەکۆڕی پیاواندا بەشدار دەبنو بەڕێزێکی رونەوە گوێ لەراو بۆچونەکانیان دەگیرێت. فرەژنی لەکۆمەڵی کوردیدا ناوازەیە. ژنان لەزۆر دۆخدا دەگەنە سەرۆکایەتی خێڵەکان.

کورد جلو بەرگی سادەو فراوان لەبەردەکەن، کەلەگەڵ داواکاریەکانی ژیانی کرداریاندا دەگونجێت. زۆرجار خەنجەرو دەمانچە هەڵدەگرنو چەك دەکەنە شانیانو لەپشتوێنەکانیاندا فیشەکی تفەنگو گوللەی تاپڕ دادەنێن، بەڵام وردەکاری لەجۆرێتی جلو بەرگیان بەگوێرەی خێڵو ناوچەو دەوڵەمەندییو دەسەڵاتیان جیاوازە. ژنان دەموچاویان ناشارنەوە، بەڵام دەربارەی خواردنیان زۆربەی کات لەشیر پێکدێت، وەك پەنیرو کەرەو ماستو دۆ.

زۆر گۆشت ناخۆن، خواردنەکانیشیان لەنانی زەڕاتو برنجو بەهاراتو گوێز ئامادە دەکەن. گۆشت لەرێگەی قاورمەوە هەڵدەگرن، بەسورکردنەوە یان هەڵکزاندنو سورکردنەوەی بەرۆنو پاراستنی لەکونەیا، بۆئەوەی لەزستانو کاتی پێویستدا بەکاریبهێنن.

کورد لەدو چین پێکدێت، یەکەمیان لەخانەدانو جەنگاوەرو خاوەن زەویو ئاژەڵ پێکدێت، چینی دوەم لەجوتیارو کرێکاری کشتیاریو خزمەتکاران. چینی خانەدان بۆ(5)پێنج گروپ دابەشدەکرێت:

1- مەلازادە: کەبریتین لەزانایانو منالو نەوەکانیان.

2- شێخزادە: پیاوانی ئاینیو شێخانی رێبازە سۆفیگەریەکان.

3- بەگزادە: میرو پاشاو نەوەی خێزانە بەرزەکان.

4- ئاغازادە: سەرۆکهۆزەکان.

5- زیوەدار: ئەندامانی خێزانەکان.

میری خێڵەکان زۆربەی جار ڕەچەڵەکی خۆیان بۆسەر بنەچەی عەرەبی لەئالو بەیتو هاوەڵان دەبنەوە. سەرۆك خێڵ خاوەنی دەسەڵاتی دادوەریو کارگێڕی فراوانە، بەشێوەیەك دەتوانێت سزا بەسەر سەرپێچیکارانو تاوانباراندا بسەپێنێت، کەدەگاتە ئەوپەڕی دڵڕەقی، دورخستنەوەو دەرکردن لەهۆزەکە یان پارێزگاریکردن لەموڵكوماڵو دەستبەسەراگرتنی. لەگەڵ سەپاندنی پێبژاردنەوەی دارایی.

هۆزە کوردیەکان بۆ(4)چوار لقی سەرەکی دابەشدەبن، کەبریتین لە: کرمانجی، کەلهوڕ، گۆران، لوڕ.

کورد وەك بەشێك لەنەتەوەی ئیسلامی ماوەتەوەو میرنشینی لۆکاڵیان دامەزراندوە، کەهەندێکیان نزیکبون لەدەوڵەتی سەربەخۆوە، ئەگەرچی هەمو کوردیشی لەخۆنەگرتوە. گرنگترین میرنشینە سەربەخۆکانیان برتیبوە لەمیرنشینی شەدادیو مەروانیو دیاربەکر لەسەدەی(4)ی کۆچی. هەروەها گرنگترینو ناودارترین میرنشینی کوردی بریتیە لەمیرنشینی ئەیوبیان، کەسەلاحەدینی ئەیوبی دایمەزراندوەو دەسەڵاتی عێراقو شامو میسری دەگرتەوە.

کورد جەنگو ئازادیان خۆشدەوێت، ئەوەش بۆتەهۆی ئەوەی بەرپابونی گردبونەوەی شارستانیو رێکخستنی سەربازیی، کەلەمیلیشیا یان گروپی سەربازیەوە نزیکە، دەتوانین نازناوی(سوارەکانی رۆژهەڵات) بەسەر کوردا دابڕین.

تێبینی دەکەیت، کەسیفەتی هاوبەش لەم گەلەدا لە:(ئامادەیی بەردەوام بۆکوشتار، سەقامگیریی، ئەدەبو دڵسۆزی رەهایان بۆمیرەکانیان، پابەندبونی وردیان بەقسە، جوان میوانداریکردنو تۆڵەسەندنەوەی خوێنی بەهەدەردراو، دوژمنایەتی خێڵەکیو ئارامگرتن لەسەر تاڵانی، رێگریی، رێزی بێپایانیان بۆژنان)، کورت دەکرێتەوە.

لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی نوێدا جوڵانەوەی نیشتمانی دەرکەوت، بەشێوەیەك چەند شۆڕشێکی کوردیی دژی تورکیاو ئێران بەهۆی هەستی نیشتمانیو چەوساندنەوەو جیاکاری رەگەزی بەرپابو، کەهەریەکە لەتورکیاو ئێران دژی کورد پەیڕەویان دەکرد، لەگرنگترینی ئەو شۆڕشانە: شۆڕشی عەبدورەحمان پاشای بابان ساڵی 1806 دژی تورکیا(دەوڵەتی عوسمانی–و.ك)و شۆڕشی بڵباسەکان ساڵی 1818 دژی ئێرانو شۆڕشی بەدرخان پاشا، کەدەوڵەتی عوسمانی بۆدورگەی کریت تاوەکو مردنی لەوێ، دوریخستەوە. هەروەها شۆڕشی یەزدان شێر لەنێوان ساڵانی 1853و 1855و شۆڕشی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری ساڵی 1880. دوای ئەوە جوڵانەوەی نیشتمانی کورد لەشێوەی پارتو رێکخستنە سیاسیەکاندا پەرەی سەندو بایەخی بەجوڵانەوەی میدیایی(رۆژنامەوانی–و.ك)داو رۆژنامەگەلێکی دەرکرد، کەگوزارشتی لەکێشەی کورد لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەکرد، لەرۆژنامەکانیان لەسەدەی 19 رۆژنامەی(کوردستان)بو، کە لەجنێف دەردەچو، پاشان لەقاهیرە(راستیەکەی بۆیەکەمجار لەقاهیرە بوە، دواتر ژمارەی تری لەجنێف دەرچوە–و.ك)،

هەروەها رۆژنامەی(رۆژی کورد)، جولانەوەی رۆژنامەوانی یارمەتی بەردەوامی شۆڕشەکانی کوردو چالاکیە سیاسیەکانیانی دا، بەبێ دابڕان، بەڵام نەیانتوانی دەوڵەتێکی سەربەخۆ یان مافی ئۆتۆنۆمی وەدەستبهێنن، تەنها لەسەرەتای نەوەدەکاندا نەبێت، بەس لەباکوری عێراق.

زۆرینەی کورد مسوڵمانن، بەشێوەیەك سونە رێژەی گەورە پێکدەهێنێتو بەدوایدا شیعە دێت، هەروەك لەنێوانیاندا کەمینەی یەزیدیو عەلەویو مەسیحیو نەستوری هەیە. لەنێو کورداندا جولەکە دەژی، کەبەبازرگانیو پیشەوە سەرقاڵن. لەزانا ئاینیە بەناوبانگەکانیان بریتیە لەمحێدین خەلات لەسەدەی 12 زاینیو عەبدولسەلام ماردینی یەکێك لەمامۆستاکانی ئەزهەر(زانکۆی ئەزهەر–و.ك).

**کوردانی سوریا**

# واقیعی جوگرافی کوردانی سوریا

لەژێر فەرمانڕەوایی عەباسیەکاندا وڵاتانی(سوریا، لوبنان، فەلەستین، ئەردەن) بەهەرێمێك دادەنرا، وەك هەمو هەرێمە عەرەبیەکانی تری میسرو عێراقی عەرەبی، کەلەهەردو ویلایەتی بەغداو بەسرە پێکدەهات. عەرەب لەوکاتەدا ناوی(وڵاتی کوردان)یان بەسەر ویلایەتی موسڵدا دابڕیبو. وڵاتی شامیش هەمو کەناری رۆژهەڵاتی دەریای ناوەڕاستو قوڵاییەکەی لەخۆدەگرت. هەروەك لەکیلیکیاو ماراشەوە بۆبیابانی عەرەبیو عەقەبەیە، کە کەوتۆتەسەرو دەریای سور درێژدەبێتەوە.

ئەوەی پەیوەستە بەوڵاتی شامەوە، بۆچوار ویلایەت دابەشکرابو، ویلایەتی دیمەشق، کەهەریەکە لەفەلەستینو ئوردنی دەگرتەوە، پاشان ویلایەتی حەلەبو تەرابلوسو دواجاریش ویلایەتی سەیدا. ئەم دابەشکردنە تاکو رێکەوتنامەی سایکس–بیکۆ 1916 مایەوە، کەبەنهێنی لەنێوان فەرەنساو بەریتانیا گرێدرابو، کاتێك لەسەر دابەشکردنی وڵاتی شام لەنێوان خۆیاندا رێکەوتن. ئەمەش بەئاشکرا لەکۆنگرەی سانڕیمۆ لەماوەی نێوان(19–1920/4/26) دەستیپێکرد، کاتێك لەندەن دەستی خۆی لەسەر تەنها هەردو هەرێمی فەلەستینو ئەردەن دانا، لەکاتێکدا ویلایەتەکانی دیمەشقو تەرابلوسو سەیدا لەژێر کۆنترۆڵی فەرەنسا مانەوە. بەڵام ساڵی 1939 فەرەنسا هەستا بەدابڕینی ناوچەی ئەسکەندەرونە، کەلەوکاتەدا شوێنکەوتەی ویلایەتی حەلەب بو، بەدەوڵەتی تورکیاوە لێکنرا(ئەوەش وێڕای ئەوەی، کەئەسکەنەرونە خاوەنی ئۆتۆنۆمی خۆی بو، زۆربەی دانیشتوانەکەشی عەرەب بون). لەهەمانکاتدا تورکیاش هەستا بەدابڕینی بەشێکی گەورە لەهەرێمی جەزیرە واتە کوردستانی باکور(باکوری کوردستان–و.ك)، کە کەوتبوە زەویەکانی سوریاوەو لکاندنی بەو وڵاتەوە. کاتێکیش سوریا سەربەخۆیی لەفەرەنسا ساڵی 1946 وەدەستهێنا، ئەو بەشە لەهەرێمی جەزیرە لەچوارچێوەی زەویەکانی سوریادا مایەوە.

لەمبارەوە باس لەوەدەکرێ، کەلەرۆژی(1921/3/9) لەلەندەن ئیمزا لەسەر پەیماننامەی فەرەنسا– تورکیا کراوە، کەسنوری تورکیا–سوریای کێشابو، بەڵام ناکۆکیەك دەربارەی ئەو

پەیماننامەیە رویدا، دوای مانگی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵ لەئەنقەرەی پایتەختی تورکیا ڕێکەوتننامەیەکیتر بۆدوبارە کێشانەوەی سنوری نێوان تورکیا-سوریا گرێدرایەوە. جارێکیتریش ناکۆکی لەسەر ئەو ڕێکەوتننامەیە رویدایەوەو چاوگێڕدرایەوە بەسنوری کێشراوی نێوان ئەو دو وڵاتەدا بۆجاری سێیەم لەساڵی 1926، کاتێك پەیماننامەی(جۆفنال) گرێدرا، بەشێوەیەك سوریا سێ ناوچەی کوردی بۆخۆی وەدەستهێنا، کەبریتیبون لە: عەینولعەرەب(چیای کورد)، عەرەب بیتار، جەزیرە، ئەمانەش ناوچە گەلێکن، کەهەندێکیان بەویتریانەوە نەلکاوە، بەڵام درێژکراونەتەوەو بەکوردستانی تورکیا(باکوری کوردستان- و.ك) گەیەنراون.

## ئازادی حزبیی و سیاسیی کورد لەسوریا

کورد لەسوریا دوەم گروپی نەتەوەیی لەروی ژمارەی دانیشتوانەوە دوای عەرەبی سوننە پێکدێنێت، بەشێوەیەك لەسوریا ڕێژەی نێوان(10٪-12٪)لەکۆی دانیشتوانن، کەژمارەی دانیشتوانەکەی گەیشتۆتە(18)هەژدە ملیۆن کەس، بەڵام رژێمی سوریا کەخاوەنی کەمینەیە لەروی فەرمانڕەواییەوە، ئەو ڕێژەیەی کەمکردۆتەوە بۆ(8٪)، بۆئەوەی لەگەڵ گروپی عەلەویی شیعەی فەرمانڕەوادا یەکسان بێت.(هەندێ راپۆرت ئاماژە بۆئەوە دەکەن، کەمینەی عەلەویی فەرمانڕەوا ڕێژەکەی لەنێوان 4٪-5٪ دایە).

باس لەوەدەکرێت، کەژیانی کورد لەگەڵ باقی رەگەزەکانیترو بەتایبەت عەرەبدا سەقامگیرو ئارامە، کوردانی سوریا ساڵی 1927 توانیان کۆمەڵەی(خۆیبون) دابمەزرێننو کۆنگرەی گشتی کۆمەڵەکە لەناوچەی(بحمدون) لەلوبنان گرێبدات. ئەو جوڵانەوە سیاسیو روناکبیریە لەناوچەی کوردیی جەزیرە پەرەی سەند، کەنزیکەی(700)گوندی کوردییو پێنج شاری کوردیی لەخۆدەگرێت، کەبریتین لە:(دیرك، قامیشلۆ، عامودا، دەرباسیە، سەری کانی). لەساڵی 1932 میر جەلادەت بەدرخان یەکەم رۆژنامەی کوردی دەرکردو ناوی(هاوار) واتە بانگەوازی بەسەردا بڕی، بەڵام لەوبارەوە بەتایبەت باس لەوە دەکرێ، کە لەساڵی 1915 مێژونوسی کورد حسێن حوزنی موکریانی یەکەم چاپخانەی کوردی دامەزراندوە، پاشان موکریانی کاری لەسەر پەرەپێدانی کردوە، بۆئەوەی ببێتە یەکەم چاپخانە، کەهەمو پیتە کوردیەکان چاپ بکات. هەروەها ئەو چاپخانەیە هەستا بەچاپکردنی پەرتوك، بەتایبەت ئەوانەی بەزمانی کوردیو ڕێساکانیەوە پەیوەستبون، بەئامانجی بڵاوکردنەوەی زمانی کوردیو پاراستنی بەزیندویی لەنێوان نەوەکانی گەلی کوردا. بەمەش نوسەرانو شاعیرانی کورد دەرکەوتن، لەنمونەی:(جگەرخوێن، قەدری جان، ئوسمان سەبری، نورەدین زازا)، هەروەك میر کامەران بەردخان رۆژنامەیەکی کوردی- فەرەنسی لەبەیروت دەرکردو ناوی(روجا نو- رۆژی نوێ)ی بەسەردا بڕیو دەوترێ دوای ئەوەماڵباتی بەدرخانیان بۆمیسر کۆچیان کردوەو لەوێ جێگیر بون.

## سەرەتای ململانێ لەنێوان رژێمی سوریا و کورد

کورد بەشێوەیەکی سروشتی بەبێ جیاخوازی لەهەمو بوارە چالاکەکانی ژیان بەشداریان کردوە، لەوانەی سەرکردایەتی جەنگ دژی فەرەنسیەکان بەرابەرایەتی لەئیبراهیم هەنانو، لەوانەش کەگەیشتنە پلەی بالاًی سیاسیو سەربازیو لەنێویشیاندا سەرۆکایەتی کۆمار بریتیبون لە:(فەوزی سەلو، حوسنی زەعیم). باسیش لەوە دەکرێ، کەکۆمەڵێك روناکبیری کورد لەساڵی 1957 هەستاون بەپێکهێنانی یەکەم پارتی کوردیی لەمێژوی سوریاو ناوی(پارتی دیموکراتی کوردستانی سوریا)یان بەسەردا بڕیو ئەو رێکخستنە حزبیە نوێیە هەریەکە لەنورەدین زازاو ئوسمان سەبری سەرۆکایەتیان دەکرد. پارتەکەش پەیوەندی خۆی بەپارتی دیموکراتی کوردستانی عێراقو پارتی دیموکراتی کرودستانی ئێران بەهێز کرد.

ئەم پارتە داوای مافە روناکبیرییو زمانەوانیەکانی کوردی دەکردو داوای یەکسانی دەکرد لەگەڵ باقی پێکهاتەکانی گەلی سوریا لەچوارچێوەی رژێمێکی دیموکراسیدا، بەڵام حکومەتی سوریا ئەو داواکاریانەی رەتدەکردەوە، بەڵکو بڕیاریشیدا، کەدان بەرەوایەتی پارتە کوردیە لەدایکبوەکەدا(پارتی دیموکرات) نەنێت. ئەمەش پاڵی بەئەندامانی ئەو پارتەوە نا، کەبەنهێنی ئیش بکەن. کاتێکیش حکومەتی سوریا بەچالاکی نهێنی پارتە کوردیەکەی زانی لەساڵی 1960 هەستا بەراگرتنی 20 بیست ئەندامی دیاری پارتەکەو تۆمەتی کودەتاکردن بەسەر رژێمی فەرمانڕەوای خستە پاڵیانو دوای ئەشکەنجەدانیان زیندانیکردن. لەهەمان ساڵداو لەمەیدانخوازی جوڵانەوەی کورد لەلایەن رژێمی سوریاوە، ئەو رژێمە هەستا بەسوتاندنی بیست قوتابی کورد لەنێو سینەمای شاری عاموداو ئەو روداوەش بەخراپترین روداو دادەنرێت، کەرژێمی سوریا دژی گەنجانی کورد ئەنجامی دابێت.

## رژێمی سوریا رێو شوێنە سەرکوتکەرانەکانی دژی کورد توند دەکاتەوە

لەکۆتایی ساڵی 1961 حکومەتی سوریا بونی بڕی نەوتی لەناوچەکانی قەرەشۆكو رومەیلان، کەکەوتونەتە هەرێمی جەزیرەوە، کەزۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن، ئاشکرا کرد. حکومەت دۆخی شاردنەوەی میدیایی تەواوی دەربارەی ئەو دۆزینەوە نەوتیە سەپاند. لەسەرەتای ساڵی 1962 حکومەتی سوریا یاسای ژمارە(93)ی تایبەت بەئەنجامدانی سەرژمێری دانیشتوانی ناوچەی جەزیرە بەتەنهاو بەدیاریکراویش ناوچەکانی قەرەشۆكو رومەیلانو دەوروبەری دەرکرد. کاتێك حکومەتی سوریا دڵنیابو لەبونی زۆرینەی کورد لەو ناوچانە، هەستا بەکێشانەوەی رەگەزنامەی(140) هەزار کورد لەناوچەی جەزیرەو تانوسینی ئەم دێرانەش رەگەزنامەی نەداوە پێیان. ئامانج لەوەش تێکدانی هاوسەنگی دیموگرافی ناوچەی جەزیرە بو، لەبەرژەوەندی ناکوردەکانی هەرێمەکە(ئەم

ژماره لەرەگەزنامە داڕنراوە ئەمڕۆ گەیشتۆتە نزیکەی دو سەدو پەنجا هەزار کەس)، هەمو ئەوانەش لەهەمو مافێکی مرۆیی داڕنراونو ئایندەی خێزانو منداڵەکانیان لەنێوبراوە. لەوکاتەشەوە کۆمەڵی سوریا دیاردەیەکی نوێی ناسی بەناوی(البدون)، کەلەدەوڵەتانی کەنداودا هەنو ئەوانەن لەرەگەزنامە دادەڕنرێن، لەپاشان هیچ مافێکی یەکسانیان لەگەڵ هاولاتیانی تردا نیە، ئیتر لەناسنامەدا بێت یان لەخاوەندارێتیو فێرکردن یان مافی دادوەریکردن یان کارو تەندروستیو...تاد، بەوەش یونەتە بیانیو غەوارە لەکۆمەڵگەیەکدا، کەسەدان ساڵە تێیدا ژیاون.

## گەیشتنە تەختی دەسەلاتی پارتی بەعسی سوریاو گرتنەبەری سیاسەتی لەنێوبردنی دژی کورد

لەمانگی(1963/2)دا پارتی بەعسی عێراق گەیشتە تەختی فەرمانڕەواییو لەرۆژی 8ی مارسی هەمان ساڵیشدا پارتی بەعسی سوریا گەیشتە تەختی فەرمانڕەوایی. لەچوارچێوەی رێکەوتنێکی هاوبەشدا لەنێوان سەرکردایەتی بەعسی عێراقو سوریا، جاڕی جەنگ دژی کورد لەعێراق درا، بەوپێیەی هێزی کوردیی زۆر رێکەو هانی کوردانی ناوچەکە بەتایبەتیش لەنێوخۆی سوریا دەدات. بەکرداریش فڕۆکەی سوریاو لەگەڵیشیدا گروپی زرێپۆش پێکهاتوە لە6هەزار سەرباز بەفەرماندەیەتی فەهدی شاعیر دژی کورد لەباکوری عێراق بەشداربون. باسیش لەوەدەکرێت ئەو گروپەی لەناوچەی جەزیرەی سوریاوە بۆزاخۆ چونەتە باکوری عێراقەوە، جەنگی سوریا دژی کوردانی عێراق تاوەکو کشانەوەی هێزەکانی سوریا لەباکوری عێراق مایەوە لەمانگی(1964/1).

## چەوساندنەوەی زیاتری کوردانی سوریا

لەگەڵ گەورەبونی دڕدۆنگی رژێمی سوریا بەشێوەیەکی گشتیو پارتی بەعسی فەرمانڕەوا بەشێوەیەکی تایبەت لەبوژانەوەی هەستی نەتەوایەتی کوردانی سونی سوریا، کەبەنەتەوەی دوەم دوای عەرەبی سونە دادەنرێت. لادەرانی شیعەی عەلەوی لەپارتی بەعسی فەرمانڕەوا هەستان بەداهێنانی ئامرازەکانی زۆرملێ بۆلاوازکردنی هێزی کوردو درینی مافەکانیان وەك هاولاتیو کارکردن لەسەر ونکردنی رۆڵیان وەك دوەم کەمینەی نەتەوەیی لەپێکهاتەی کۆمەلایەتی سوریا.

هەروەك حکومەتی بەعسی سوریا لەژێر حکومڕانی سەرۆك ئەمین حافز هەستا بەراسپاردنی مولازم محەمەد تالب هیلال، کەسەرۆکی هۆبەی رامیاری بو لەناوچەی حەسەکەی شوێنکەوتەی پارێزگای جەزیرە، کەخاوەنی زۆرینەی دانیشتوانی کوردە، بەگرتنەبەری روپێوکردنی تەواوی پارێزگای جەزیرە لەگەڵ تەرکیزی ورد خستنەسەر لایەنە کۆمەلایەتیو روناکبیریو رامیاریەکانی کورد لەو پارێزگایە لەگەڵ چاودێریکردنی توندی ئەو جولانەوە کوردیانەی، کەداوای مافە نەتەوەییەکانیان دەکرد. بەکرداریش محەمەد تالب هیلال گەیشتە توێژینەوەیەکی تەواو دەربارەی

کوردانی جەزیرەو بۆفەرماندەیەتی پارتی بەعس لەمانگی دیسەمبەری 1963 بەرزی کردەوە. ئەو توێژینەوەیەی کەهیلال نوسیویەتی هێرشێکی توند دەکاتەسەر سەرۆکی میسر جەمال عەبدوناسرو رۆژنامەوان محەمەد حسنەین هەیکەل، بەهۆی رەتکردنەوەی گرتنەبەری سیاسەتی چەوساندنەوەی کورد لەباکوری عێراق و جەزیرە لەلایەن هەردو رژێمی سوریا و عێراقەوە.

هەروەها توێژینەوەکەی مولازمی یەك هیلال پێ لەسەر راسپاردەگەلێك دادەگرێت، کەئاماژە بەگرتنەبەری پلانێکی سوریا بەچەند قۆناغێك دەکات، کەبەپشتگوێخستنی کوردانی سوریا دەستپێدەکات، پاشان راگواستنیان بۆدەرەوەی سوریا بەشێوەیەکی گشتیو دەرەوەی ناوچەی جەزیرە بەشێوەیەکی تایبەت، ئەوەش دوای دۆزینەوەی نەوت تیایدا. لەدۆخی سەرنەکەوتنی راگواستنیان، رێو شوێنیتر بەدوایدا دێت، کەخۆی لەبرسیکردنی کوردا دەبینێتەوە، بەبەکارهێنانی پرۆژەی پشتوێنی ئاسایشی عەرەبی بەهاوکاری لەگەڵ رژێمی تورکیا.

## سیاسەتی پشتوێنی ئاسایشی عەرەبیو راگواستنی ناچاریی کورد

لەساڵی 1965 حکومەتی سوریا پلانی پشتوێنی عەرەبیو برسیکردنی کوردو دەرکردنیان بۆدەرەوەی پارێزگای جەزیرەو کارکردن بۆبەرپاکردنی پشتوێنەیەکی ئاسایشیی بەدرێژایی 300کمو بەدرێژی(10کم) لەسنوری عێراق لەرۆژهەڵاتەوە بۆخاڵی پشتەوەی سەری کانی لەرۆژئاوا بونیاتنا. پاشان نزیکەی 140 هەزار کێڵگەوانی کوردیان بەخێزانەکانیانەوە لەو گوندانەی تیایدا دەژیاین، کەنزیکەی 332 گوند دەبو راگواستو کاریان لەسەر شوێنگرتنەوەی ئەو کێڵگەوانانە بەعەرەب لەبری کورد، کەراگوێزرابون، کرد(تاوەکو ئێستاش دۆخەکە بەردەوامە، مەبەست کاتی نوسینی ئەم پەرتوکەیە-و.ك).

لەسەردەمی سەرۆك ئەمین حافزدا بارودۆخەکان دژی کورد بەرزبونەوەی بەخۆوەبینی. لەهەمانکاتدا حکومەت هەڵمەتێکی چوارچێوە فراوانی بەعەرەبکردنی ناوی گوندو شارەکانی گرتەبەرو دۆخەکە تاوەکو ساڵی 1969 بەردەوامبو. لەسەردەمی سەرۆك حافز ئەسەددا بارودۆخ بەنیسبەت کوردەوە خراپ نەبو، هۆکارەکەش بۆرودانی جیاوازیو ناکۆکی فراوان لەنێوان هەردو رژێمی سوریا بەسەرۆکایەتی حافز ئەسەدو عێراق بەسەرۆکایەتی سەدام حسێن دەگەڕێتەوە. لەسەر ئەوەش حافز ئەسەد کارئاسانیو هاوکاری گەورەی بەکوردانی عێراق، بەتایبەت ئەندامانی هەڵاتوی پارتە کوردیەکانی باکوری عێراق بەخشی، بەشێوەیەك رێگەی پێدان نوسینگە بکەنەوەو جێگەی نیشتەجێبونو یارمەتیو جگە لەمانەش وەدەستبهێنن. لەهەمانکاتدا ناکۆکی لەنێوان رژێمی سوریا و تورکیا هەبو، بەهۆی داگیرکردنی هەرێمی ئەسکەندەرونە، کەخاوەنی زۆرینەی عەرەبە، هەروەها بەهۆی ناکۆکی تورکیاو سوریا لەسەر ئاوی هەردو روباری دیجلەو فورات. بۆئەوە سەرۆك حافز

ئەسەد هەستا بەگرتنە ئامێزی پارتی کرێکارانی کوردستانی تورکیا(pkk)، کە لەسوریاو لەناوچەی(جبل الاکراد)و حەلەب بنکەی دامەزراند بۆهێرشەکانیان بۆسەر زەویەکانی تورکیا، بەمەش سەرۆکی سوریا توانی زیرەکانە کێشەی کورد رەوانەی دەرەوەی سنوری وڵاتەکەی بکات. ئەوەش بەبەکارهێنانی کورد وەك کارتی فشار لەسەر تورکیا لەپێناوی چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی دیجلەو فورات. لەهەمانکاتدا رژێمی سوریا هەستا بەهاندانی کوردانی وڵاتەکەی بۆکۆچکردنو چونەڕیزی جەنگاوەرانی کورد دژی رژێمی سەدام حسێنو رژێمی تورکیا.

هەروەها حافز ئەسەد رێگەیدا بەهاتنەناوەوەی(6)شەش کورد بۆنێو پەرلەمانی سوریا لەساڵی 1990، دوای ئەوەش ژمارەیان زیادی کردو گەیشتە(38) ئەندام، بەڵام رژێمەکەی ئەسەد رێگەی نەدا بەگەڕانەوەی(140) هەزار کورد بۆزێدی خۆیان لەپارێزگای جەزیرە. هەروەك رێگەی نەدا بەکوردانی سوریا، کەهەستن بەدامەزراندنی کۆمەڵەو سەندیکای کوردی، وەکچۆن رێگەیشی نەدا بەدامەزراندنی قوتابخانەی کوردییو بێبەشیکردن لەقسەکردن بەزمانی تایبەتیانو مۆزیكو گۆرانی کوردیشی قەدەغەکرد.

## قۆناغی سەرۆکی گەنج( بەشار ئەسەد)و سەرکوتکردنی زیاتری کورد لەسوریا

دوای گرتنە دەستی فەرمانڕەوایی وڵاتو لەیەکەم سەردانیدا بۆئەڵمانیا لەرۆژی(2001/7/10) سەرۆك بەشار ئەسەد روبەڕوی خۆپیشاندانی ناڕەزایی بەدرێژایی دو رۆژ لەسەر یەك لەلایەن کوردانی سوریای نیشتەجێی ئەڵمانیا بۆوە. ئەو خۆپیشاندانانەش بۆسەرکۆنەکردنی سیاسەتی جیاکاریی رەگەزی بو، لەنێوان ئەتنیە سوریەکانو بەتایبەت ئەتنی کورددا. هەروەك ئەو ناڕەزاییانە سەرکۆنەی تۆماری سوریایان تایبەت بەپێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کرد.

هاوکات بەشار ئەسەد روبەڕوی ناڕەزایی رەوەندی جولەکە لەئەڵمانیا بۆوە، بەهۆی لێدوانەکانی پێشویەوە دەربارەی جولەکە، لەنێویشیدا ئەو تێبینیەی، کە لەمانگی(2001/5) ئاراستەی کرد، کاتێك بەپاپای ڤاتیکانی وت:"جولەکە ناپاکی لەعیسای مەسیح کردو هەوڵی کوشتنی پێغەمبەر محەمەدیشیان داوە". بۆیە بەشار ئەسەد لەکاتی کۆنگرە رۆژنامەوانیە هاوبەشەکەیدا، دوای وتوێژکردنی لەگەڵ گێرهاید شرۆیدەر، وەڵامی پرسیاری یەکێك لەرۆژنامەوانانی نەدایەوە، کاتێك زانی کەئیسرائیلیە(واتە جولەکەیە– و.ع).

لەسەر ئاستی باری نێوخۆیی، لیژنەی مافەکانی مرۆڤی سوریا لەبەیاننامەی خۆیدا لەرۆژی(2002/7/9) رایگەیاند: هاوڵاتی کوردیی سوریا(موسلیم شێخ حەسەن)لەدەرەوەیماڵەکەی خۆی لەرۆژی(2002/5/7) لەشاری(عەینولعەرەب)ی سەر بەپارێزگەی حەلەب لەباکوری سوریا دەستگیرکراوە. بەیاننامەکە ئەوەشی خستۆتەڕو کە:دەزگای سیخوڕیی سوریا ناوبراویان

بۆلقی حەلەب لەوێشەوە بۆیەکێك لەناوەندەکانی راگرتن لەدیمەشقی پایتەخت بردوە، بەبێبونی یاداشتی راگرتن یان رەوانەکردنی یاسایی بۆدادگاو بەبێ ئاراستەکردنی تۆمەتێکی دیاریکراو. هەروەك لیژنەکە لەبەیاننامەکە داوای پێویستی کردنەوەی دۆسیەی ئازادی رۆشنبیریی بۆکەمینەی کوردی لەسوریا دەکات، لەپێناوی ئەوەی، هەمو مرۆڤێك مافی سروشتی خۆی وەدەستبهێنێ لەپێناوی ئایندەی بەهێزو یەکگرتوی سوریا بەهاوکاری نەوەکانیو وەگەڕخستنی هەمو کۆششەکانیان لەخزمەتی نیشتماندا.

## کوردان داوای مافی هاوڵاتیبون دەکەن

لەرۆژی(2002/12/10) نزیکەی 100کەس لەکەمینەی کورد لەسوریا خۆپیشاندانێکی ئاشتیانەیان بۆداواکاری وەدەستهێنانی مافی تەواوی هاوڵاتیبونو مافی یەکسانیتر، وەك باقی دانیشتوانی سوریا رێکخست. خۆپیشاندەران، کەلەبەردەم پەرلەمان لەدیمەشق کۆببونەوە، لافیتەیەکیان هەڵگرتبو داوای لابردنی قەدەغەکردنی زمانو رۆشنبیریی کوردیان دەکرد، هەروەها داوایان دەکرد، کەسوریا ببێتە نیشتمانی هەمو گروپەکانی گەل، عەرەب بێ، یاخود کورد یان ئەندامانی کەمینەکانیتر.

بەیاننامەی پارتی یەکێتی کورد دەڵێت:"کوردان لەسلکی دیپلۆماسیو پۆستە گرنگەکان دورخراونەتەوەو هیچ رۆڵکیان لەبەڕێوەبردنی وڵاتدا نیە، سەرەڕای ئەوەی نزیکەی12٪ی دانیشتوانی وڵات پێکدێننو ژمارەی ئێستایان دەگاتە(2,5) دو ملیۆنو نیو".

ئەو خۆپیشاندناناش ئەندامانی پارتێکی بچوکی کوردی رێکیخستبو، کەبەسەرۆکی پەرلەمانی سوریا گەیشتنو داوایان لێکردبو بەدیالۆگ چارەسەری کێشەی دانیشتوانی کورد بکرێت، کە ژمارەیان زیاتر لە2 ملیۆنە لەکۆی دانیشتوانی سوریا، کەگەیشتۆتە17ملیۆن کەس. لەمبارەوە باس لەوە دەکرێ، بەشار ئەسەدی سەرۆك سەردانی پارێزگەی حەسەکەی کردوە، کەزۆر لەکوردان لەوێ نیشتەجێنو بەڵێنی یارمەتی پەرەپێدانی ناوچەکەی پێداون، بەڵام هیچ هەنگاوێکی لەمبارەوە تاوەکو ئێستا نەگرتۆتەبەر.

## یاری تۆپی پێی نێوان تیپی جیهادی کوردییو فەتوەی عەرەبییو هەڵگیرسانی ئاژاوەی تایەفەگەریی

بەهۆی زیاتر داڕوخانی رەوشی کورد، کەئاژانسەکانی هەواڵی نێودەوڵەتی لەسەرچاوە کوردیەکانەوە گواستویانەتەوە رایانگەیاند:14 کەس کوژراون، کە لەنێویاندا 3 منالێ هەیەو نزیکەی 124 کەسیش لەکاری توندوتیژی، کەلەرۆژانی(12-2004/3/13) لەپارێزگای قامیشلی کەوتنەوە، برینداربون. رێگریش لەرۆژنامەوانان کرا بگەنە شوێنی روداوەکە. باسیش لەوە دەکرێ،

کاری تێکدەرانە پێش یاریەکە، واتە رۆژی هەینی(20004/3/12) هەڵگیرساوە. بۆرۆژی دواترو لەسەر شێوەی روبەڕبونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئاسایشی سوریا بەردەوامبو. لەکاتی ئەسپەردەکردنی تەرمی9 کوژراوە کوردیەکە، کە لەئەنجامی کاری تێکدەرانە پێش یاریەکەی تیپی جیهاد(قامیشلۆ)و تیپی فەتوە(دێر ئەلزور)، لەرۆژی(2004/3/12)کوژرابون، بارودۆخەکە توندبویەوە. پارتە کوردیە قەدەغەکراوەکان بەفەرمانی میری، لەشاری قامیشلی هەستان بەدەرکردنی بەیاننامەیەك لەرۆژی(2004/3/13)و تیایدا بەرپرسیارێتی روداوە خوێناویەکانیان، کەبەیاننامەکە بەکوشتارگە شرۆڤەی کردبو، بەجۆرێ نەقامیشلۆو نەیاریگاکانی سوریا هاووێنەی بەخۆوە نەبینیوە، خستە ئەستۆی هێزەکانی ئاسایشی سوریا.

بەیاننامەکە دەڵێ:"روداوی ئاژاوە بەهۆی ئەو سوکایەتیپێکردنانەی، کەهاندەرانی یانەی فەتوە پێی هەستان رویداوە، کاتێك وێنەی سەرۆکی عێراق(سەدام حسێن)یان وەك پشتگیرییەك بەرزکردۆتەوە، لەکاتی گەڕانیان بەشەقامەکانی شاری قامیشلۆدا پێش دەستپێکردنی یاریەکە، وەك گوزارشتی پشتگیریی لەسەدام حسێن. هەروەك وتەی نەشیاویشیان بەسیمبوڵە کوردیەکانی سوریا وتوە، بەگوێرەی ئەوەی لەبەیاننامەکەو وتەی ئەو شاهێدانەدا هاتوە، کەروداوەکەیان بەچاوی خۆیان بینیوە، بۆیە ئەمەش بۆتەهۆی وروژانی کوردەکان.

کۆمەڵێ پارتو گروپی ناحکومی سوریا، لەنێویدا کۆمەڵەی مافی مرۆڤ لەسوریاو کۆمەڵێ پارتی کوردی بەیاننامەیەکیتریان دەرکردو تیایدا بەرپرسیارێتی ئەوەی رویدا خستیانە ئەستۆی دامو دەزگا ئەمنیەکانی سوریا. لەبەیاننامەکەیاندا داوای راگرتنی توندوتیژییو کۆششیان کرد بۆگەمارۆدانی روداوەکە. بەیاننامەکە ئەو روداوانەی وادانابو، کەنەدەبو بەو شێوە تراژیدیە پەرەبسێنێ، بەهۆی خراپبونی دۆخێك ئیحتیقانی سیاسیو کۆمەڵایەتی لەوێ لەئەنجامی نەبونی ژیانی دیموکراسییو ئازادیی گشتیو لەگەڵیدا پشتگوێخستنی مافی کوردانی سوریا.

لەلەندەن کۆمەڵێك کورد رۆژی(2004/3/14) هەستان بەهەوڵدان بۆچونە نێو باڵوێزخانەی سوریاوە، بەڵام پۆلیسی بەریتانیا هاتەنێو روداوەکەوەو بەرلەوەی ئەو گروپە بچنە نێو باڵوێزخانەکەوە، توانیان ژمارەیەکیان لێدەستگیر بکەن. لەهەمانکاتدا کۆمەڵەی برایانی مسوڵمان لەسوریا داوای پێکهێنانی لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی بێلایەنیان کرد لەروداوەکانی شاری قامیشلۆو سەرکۆنەی سیاسەتی سەرکوتکردنیان کرد. هاوکات کۆمەڵەی برایانی قەدەغەکراو بەفەرمانی فەرمانڕەوایانی سوریا، لەبەیاننامەکەیاندا داوای پێویستی بەشداری دامەزراوەکانی بەرگری لەمافی مرۆڤو لیژنەکانی زیندوکردنەوەی کۆمەڵی مەدەنیو کەسایەتیە نیشتمانی متمانە پێکراوەکانیان لەلیژنەکەدا کرد بۆدیاریکردنی بەرپرسیارێتی خوێنڕشتن.

برایانی مسوڵمان سەرکۆنەی ئەو ئامرازە توندوتیژانەشیان کرد، کە لەکاری ئاژاوەگێڕیی یاریگای تۆپی پێکەدا بەکارهاتوەو جەختیان کردەوە، کەنمونەی ئەو روداوانە پێویستی بەهەمو ئەو

توندوتیژیانه نەبوە، کەپیاوانی ئاسایش بەکاریان هێناوە. بەیاننامەکە داوای پێویستی چارەسەرکردنی دۆخی ئیحتیقانی گشتی دەکات لەدەستبەسەراگرتنی ئازادیەکانو پێشێلکردنی مافی هاوڵاتیانەوە سەرچاوەی گرتوەو لەگەڵ پێویستی پێداچونە بەو سیاسەتانەی، کەبونەتە هۆی روداوەکە.

لەهەمان رۆژدا(2004/3/14) ژمارەیەك کورد چونە نێو بارەگای باڵیۆزخانەی سوریا لەبرۆکسلی پایتەختی بەلجیکا، بەڵام پرۆسەکە زۆری نەخایاند، بەجۆرێ 30 کەس لەوانە گیرانو دوای وتوێژ لەنێوان باڵیۆزخانەی سوریاو پۆلیسی بەلجیکاو خۆپیشاندەرانی کورد  کۆتایی هات. بەڵام پۆلیس 30 کەس لەوانەی چوبونە نێو باڵیۆزخانەکەوە دەستگیرکرد. باسیش لەوە دەکرێ، کەکۆمەڵێکیان چونەتە نێو باڵیۆزخانەکەوەو ئاڵای کوردیان لەسەر تەلاری باڵیۆزخانەکە بەرزکردۆتەو ئاڵای سوریاشیان دڕاندوەو کارەکەی خۆشیان بەناڕەزایەتیەك بەرامبەر بەو روداوانەی، کەشاری قامیشلۆ بەخۆوەی بینیبو لەباکوری سوریا راڤەکردوە، کەقوربانیەکەی ژمارەیەك کوژراوی کورد بو بەگوللەی هێزەکانی ئاسایشی سوریا، بەڵام باڵیۆزی سوریا(تۆفیق سەلوم)رایگەیاند:"هیچ کێشەیەك لەنێوان حکومەتی وڵاتەکەیو کورددا نیە". جەختیشی کردەوە"ئەوەی رویداوە، بریتی بوە لەشەڕە قسەی نێوان هاندەرانی دو تیپە تۆپی پێکە". هەروەها وتیشی:"ئێمە چاوەڕێی ئەنجامی لێکۆڵینەوە دەکەین، کەپۆلیس ئەنجامی دەدات". رونیشیکردەوە داوای لەدەسەڵاتدارانی بەلجیکا کردوە رێو شوێنی ئەمنی لەدەوروبەری باڵیۆزخانەی سوریا توند بکەنەوە.

هاوکات ئەو کوردانەی چوبونە نێو باڵیۆزخانەکەی سوریاوە داوایان کردبو، حکومەتی دیمەشق دان بەرەگەزنامەی 200هەزار کورددا بنێ، دوای ئەوەی کەلەکاتی پرۆسەی پشتوێنی ئاسایشی عەرەبی لەساڵی 1963لەرەگەزنامەی خۆیانیان داڕنرابون. هەروەك داوای داننان بەپارتە کوردیە قەدەغەکراوەکانیان کردبو، کەحکومەتی سوریا دانیان پێدانانێتو بەجوڵانەوەی جوداخوازیان دادەنێت، کەهەوڵ بۆبەرپاکردنی قەوارەیەکی کوردیی دەدەن.

# زۆربونی کوشتنی کوردان

لەگەڵ هەڵکشانی روبەڕوبونەوە لەنێوان رژێمی فەرمانڕەواو کەمینەی کورد، سەرچاوە کوردیەکان بۆکەناڵە ئاسمانیەکانو میدیا نێودەوڵەتیەکانیان راگەیاند، کە لەرۆژی(2004/3/17) روبەڕوبونەوە لەنێوان دانیشتوانی عەرەبو کورد لەماوەی(24 کاتژمێر)ی دوایی لەباشوری رۆژهەڵاتی وڵات پەرەی سەندوەو 17کوژراوی لێکەوتۆتەوە، کەسەرجەمیان کورد بون، بەوەش ژمارەی کوژراوان لەماوەی هەڵگیرسانی پێکدادانەکانەوە لە(2004/3/12)ەوە بۆ36کوژراو بەرزبۆتەوە.

مەشعەل تەمۆ ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی گەلی سوریای قەدەغەکراو، رایگەیاند :"روبەڕوبونەوە لەنێوان هەردولا لەباشوری وڵاتو بەتایبەتی لەناوچەی حەلەب بەردەوامبوە". تەمۆ ئاماژەشی بەوەکردوە 9 کورد لەهەردو گەڕەکی ئەشرەفیەو شێخ مەقسود لەشاری حەلەب کوژراون. هەروەها 6 کەسیتر لەگوندی عفرین لەرۆژئاوای حەلەب کوژراون، لەگەڵ 2 لەناوچەی سەری کانی نزیك سنورەکانی تورکیا. ناوبراو ئەوەیشی خستەڕو، کەپشێویەکان لەگەڕەکەکانی عاموداو دیریكو عەین دیوارو مالکیەو دەرباسیەی سنورەکانی تورکیا کەوتونەتەوە.

بۆرێگرتن لەهەڵکشانی زیاتری دۆخەکە، ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراسی پێشکەوتوخوازی کوردی قەدەغەکراو(عەبدولعەزیز داود) داوای لەدەسەڵاتدارانی سوریا کردوە، کەکار بکەن بۆهێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ئەوەش بەکشانەوەی هێزەکانی ئاسایش لەشاری قامیشلۆو گەڕەکە دراوسێکانی لەحەلەبو ئازادکردنی سەدان دەستگیرکراو.

## ناڕەزایی کوردانی عێراق
## بەرامبەر سەرکوتکردنی رێکخراو دژی کوردانی سوریا

دوای ئەوەی پشێویەکانی نێوان حکومەتی سوریاو کورد شەقلێکی ئەتنی لەخۆگرت، بەتایبەت دوای هاتنەناوەی هەندێ خێڵی عەرەب لەتەنیشتی حکومەت بۆنێو کێشەکە دژی کورد، ئەمەش بوەهۆی برینداربونی دەیان کەسو زۆربونی ژمارەی دەستگیرکراوانی کورد. هەروەها بو بەهۆی ئەوەی وێستگەی شەمەندۆفێرو قوتابخانەو نوسینگە میریەکان لەباکوری رۆژهەڵاتی وڵات توشی زیان ببێت. ئەوەش هەموی بو بەهۆی خۆپیشاندانی هەزارەها کوردی عێراق لەشاری هەولێر لەرۆژی 2004/3/17، وەك ناڕەزاییەك بەرامبەر ئەوەی ناویانابو سەرکوتکردنی رێکخراوی سوریا، کەکوردانی ئەو وڵاتە روبەڕوی دەبنەوە. خۆپیشاندەران داوای پێویستی هاتنەناوەوەی نەتەوە یەکگرتوەکانیان بۆنێو کێشەکە کرد، بەمەبەستی بەرگریکردن لێیان.

هەروەك خۆپیشاندەرانی کوردانی عێراق، کەلافیتەو ئاڵای کوردییان بەرزکردبۆوە هوتافی دژ بەرژێمی سوریان دەوتەوە. لەگەڵیشیدا داوای ئازادکردنی کوردانی بەندکراویان لەسوریا دەکرد. هەروەها داوای هاتنەناوەوەی ئەمریکاو ئەوروپایان لەنەتەوە یەکگرتوەکان دەکرد بۆئەوەی بڕیاری رێگەپێدانی بەرپاکردنی ناوچەی نەفڕینی هەوایی لەسەر ناوچە کوردیەکانی سوریا وەدەستبهێنن، وەك ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان سەپاندیو هەریەکە لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکاو بەریتانیا هەستان بەجێبەجێکردنی دوای جەنگی دوەمی کەنداو لەساڵی 1991 بۆپاراستنی کوردانی عێراق.

# دەسەلاتدارانی سوریا
# تعزو روداوەكانی قامیشلۆ بۆدەستێوەردانی دەرەكی

لەرۆژی(2004/3/19) دەسەلاتدارانی سوریا رایانگەیاند، ئەنجامی ئەو پێكدادانەی، كەبەمدواییانە لەنێوان هێزەكانی ئاسایشو كورد لەباكوری رۆژهەلاتی سوریا كەوتەوە، بریتی بو لە25 كوژراو، لەگەلٚ زیانی مادی، كەبەملیۆنان دینار دەخەملێنرێت. شالیاری ناوخۆی سوریا عەلی حەمود لەرۆژی(2004/3/18) رایگەیاند، خەلكی سیخورپیكەر روداوەكانی یاریگای قامیشلۆیان قۆستۆتەوە بۆهەستان بەكاری تێكدەرانەی مەبەستدار لەشەقامەكانی شارەكەدا، كەمولكی گشتیو تایبەتی گرتۆتەوەو هیچ دامەزراوەیەكی خزمەتگوزاریو گەشەپێدانیان نەبواردوە. حەمود ئەوەشی وت:"گەلی سوریا نكولی نمونەی ئەو كارانە دەكاتو بەپلەیەكی بەرز خاوەنی هەستی نیشتمانیە، بەتایبەت كورد، كەبەشێكی خۆشەویستی سوریا پێكدێنن".

لەرۆژی(2004/3/23) شالیاری دەرەوەی سوریا فاروق ئەلشەرع جەختیكردەوە لەسەر نەبونی هیچ گرفتێك لەگەلٚ هاولاتیانی كورد لەسوریا، هەروەك ئاماژەی بەگەرانەوەی هێمنی بۆئەو شارانەی سوریا كرد، كەروبەرونەوەكانی بەخۆوە بینیبو. لەرۆژی(2004/3/12). شەرع لەلێدوانەكانیدا بۆرۆژنامەوانان دوای كۆبونەوەی لەگەلٚ سەرۆكی میسر(حوسنی موبارەك) لەقاهیرە ئەوەی دورخستەوە، كەئەو روداوانەی لەو ناوچانەی رویداوەو كوردیان تێدا نیشتەجێیە، پەیوەندی بەهەرەشە ئاراستەكراوەكانی ئەمریكا دژ بەسوریاوە هەبێتو خەلكی سیخورپی تۆمەتبار كرد، كەلەپشتەوەی ئەو روداوەانە بون. شەرع جەختیشكردەوە، زۆرینەی كوردان سەركۆنەی ئەو كارانە دەكەنو بارودۆخەكە گەراوەتەوە بۆ دۆخی سروشتی خۆی لەو شارانەی، كەروبەروبونەوەكانی بەخۆوە بینیوە. شەرع پێشی لەسەر ئەوە داگرت، كەمسولمانو مەسیحیو كوردو عەرەب لەولاتەكەیاندا برایانە دەژینو هاوتای نیە.

لەرۆژی(2004/3/19) پارتە قەدەغەكراوە كوردیەكان بەفەرمانی حكومەت داوای هێوركردنەوەیان كردو لەگەلێشیدا داوای راوەستاندنی كاری سەركوتكردنیان لەحكومەت كرد، كەروبەروی گەلی كورد دەبێتەوە. ئەوەش لەو بەیاننامەیەدا هات، كەپارتە كوردیەكان تێیدا جەختیان كردبۆوەو سوربون لەسەر راوەستاندنی خۆپیشاندانو مانگرتن بۆهێوركردنەوەی بارودۆخەكە. ئەوەش سەرەرای ئەو كارە گالتەجارپیانەی، كەهەندێ لەگروپە چەكدارە شوێنكەوتەكانی حزبی بەعسی فەرمانرەوا لەسوریاو بەدەستخۆشانەی رژێمی سوریا پێی هەلدەستان.

بەیاننامەكە ئەوەی تێدا هاتوە:"سەرۆكی پارتە كوردیەكان جەختیان لەسەر بینینی سەرۆكی سوریا بەشار ئەسەد كردۆتەوە"، هەروەك جەختیشیان لەسەر ئەو برایەتیە كردۆتەوە، كەكورد بەعەرەبەوە گرێدەدات. بەیاننامەكە بانگی هێزە نیشتمانیو دیموكراسیەكان لەولاتدا دەكات

کەناڕەزایی دەربڕن، لەسەر سەرکوتکردنو کوشتن، کەگەلی کورد توشی دەبێت. هەروەك داوای ئازادکردنی سەرجەم دەستگیرکراوەکانی پشت ئەو روداوانە دەکات.

لەرۆژی(2004/4/7)یشدا عەبدولباقی یوسف رایگەیاند، کەدەسەلاتدارانی سوریا بەردەوامن لەهەڵمەتی دەستگیرکردن لەدژیان لەسەر باکگراوەندی ئەو پێکدادانانەی، کە لەرۆژی (2004/3/12) لەگەڵ هۆزە عەرەبیەکانو پۆلیسی سوریا کەوتۆتەوە. ئەوەش لەبەیاننامەی عەبدولباقی یوسفی سکرتێری لیژنەی ناوەندی پارتی یەکێتی کوردی سوریا هاتوە، لەکاتی سەردانکردنی بەیروتی پایتەختی لوبنان. هاوکات لەبەیاننامەکەیدا ئەوەشی وتوە، کەدەسەلاتدارانی سوریا هەڵمەتەکانی بەسەردادانو رێو شوێنی دەستگیرکردنو سەرکوتکردنی کوردیان رانەگرتوە. ئەوەش بریتیە لەبەردەوامی سیاسەتی نکولێکردنو چەوساندنەوە لەدژی گەلی کوردمان لەماوەی روداوەکانی قامیشلۆوە لەرۆژی(2004/3/12). ناوبراو ئەوەشی راگەیاندوە لەبەیاننامەکەیدا، کەرژێمی سوریا تائێستا سورە لەسەر پشتگوێخستنی کێشەی کورد، کەداوای چارەسەرێکی دیموکراسی دەکاتو لەپاش ئەوە، کەهۆکارەکان دەرەخسێنێت بۆچاندنی تیرۆرو ترس لەشەقامی کوردییو بەشێوازێکی ئەمنی دور لەدیالۆگی سیاسیو چارەسەری دیموکراسی مامەڵە دەکات.

## رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای لەسوریا دەکات دەستگیرکراوانی کورد ئازاد بکات

لەرۆژی(2004/4/6) رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هانی سوریای دا، شوێنی ئەو کوردانە ئاشکرا بکات، کەلەکاتی پێکدادانە خوێناویەکان لەگەڵ دەسەلاتداران لەرۆژی(2004/3/12) دەستگیریکردون. هەروەك رێکخراوەکە داوای دەستپێکردنی لێکۆڵینەوەیەکی سەربەخۆی لەپشێویەکانی قامیشلۆ کرد. رێکخراوەکە، کە لەندەنی کردۆتە بارەگای خۆی وتی:"هەست بەدڕدۆنگی دەکات لەئاستی دۆخەکانی دەستگیرکردن، کەدەسەلاتدارانی سوریا رێگەنادەن دەستگیرکراوان پەیوەندی بەکەسە نزیکەکانیان یان پارێزەرەکانیانەوە بکەن. لەگەڵ دادگایی نەکردنێکی دادپەروەرانەیان".

رێکخراوەکە داوای پێویستی ئازادکردنی دەستگیرکراوانی لەدەسەلاتدارانی سوریا کرد بەبێ دواکەوتن، بەتایبەت ئەوانەی کەتۆمەتی ئەنجامدانی سەرپێچی تاوانیان ئاراستە نەکراوەو پێشکەشی دادگا نەکراون. بەیاننامەکە ئاماژە بۆئەوەش دەکات، لەنێو دەستگیرکراوەکاندا منالێ هەیە، لەگەڵ دابو نەریتە نێودەوڵەتیەکاندا یەکناگرێتەوە، کەدەسەلاتدارانی سوریا دانی پێدانانێت. رێکخراوەکە پێ لەسەر پێویستی رونی لەلێکۆڵینەوەکاندا دادەگرێت، بۆئەوەی هەموان ئەنجامی ئەو لێکۆڵینەوانە ببینن و لەکۆتاییدا ببێتەهۆی ئاشکراکردنی راستیەکانو پێشکەشکردنی سەرپێچیکەران بەدادپەروەریی، ئیتر لەهێزەکانی ئاسایش بێت، یاخود لەکوردانی دەستگیرکراو.

لەهەمانکاتدا چالاکوانانی مافی مرۆڤ باس لەوە دەکەن، نزیکەی(2000) دو هەزار دەستگیرکراوی کورد لەزیندانەکانی سوریادا هەن‌و تەنها نزیکەی(500) پێنج سەد لەو دەستگیرکراوانە لەرۆژی(2004/3/19) ئازادکراون . باس لەوەش دەکرێ، حکومەتی سوریا ئاشکراکردنی ژمارەی دەستگیرکراوانی رەتکردۆتەوە. هاوکات وەزارەتی ناوخۆی سوریا دەستی بیانی لەپشتەوەی روداوەکانی قامیشلۆ تۆمەتبار دەکات، بەڵام ئاشکراکردنی ناسنامەیان رەتدەکاتەوە، بەڵام هەندێ سەرچاوەی زانیاری سوریا پەنجەی تۆمەتبارکردن بۆئیسرائیل‌و کوردانی عێراق درێژدەکەن.

## پارتە کوردیەکان جەخت لەکوژرانی کورد لەزیندانەکانی سوریا بەهۆی ئەشکەنجەدان دەکەنەوە

لەرۆژی (2004/4/10) پارتە کوردیەکان (11 پارتی قەدەغەکراوی کوردی هەیە، لەسەرەوەیان یەکێتی‌و یەکێتی گەلی کوردو دیموکراتی پێشکەوتوخوان) لەبەیاننامەکەیاندا رایانگەیاند:"حسێن حەمۆ نەعسۆو فەرهاد محەمەد عەلی لەکاتی ئەشکەنجەدانی وەحشیگەرانەیان لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی ئاسایشی دەوڵەتی سوریا کوژراون". بەیاننامەکە ئاماژە بەوە دەکات، کەنەعسۆ لەرۆژی (2004/4/6)و فەرهاد لەرۆژی (2004/4/8) لەکاتی ئەشکەنجەداندا کوژراون. بەیاننامەکە ئەوەشی تێدا هاتوە، کەحەنیف حەنان محەمەد بەهۆی توندی ئەشکەنجەدانەوە تاوەکو ئێستا هۆشی لەدەستداوە.

هەروەك پارتە کوردیەکان جەخت لەسەر بەردەوامی هەڵمەتی دەستگیرکردن‌و بەسەرداداني سەرجەم ناوچە کوردیەکان‌و بەدیاریکراویش لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریاو ناوچەکانی حەلەب‌و دیمەشق دەکەنەوە. بەیاننامەکە ئەوەش دەخاتەڕو:"ئەو هەڵمەتەی رۆژانی(8و2004/4/9) دەستگیرکردنی سەدان کوردی لێکەوتەوە، کە لەنێوانیاندا ژن‌و قوتابیانی قۆناغی ئامادەیی هەیە، کەتەمەنیان لە15ساڵ تێناپەڕێت". بەیاننامەکە پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێت، کەپیاوانی ئاسایشی دەوڵەتی سوریا هەستاون بەئەشکەنجەدانی هاوڵاتیان تامردن بۆئەوەی ناچاریان بکەن بەزۆر، لەسەر ئەو تاوانانەی کەئەنجامیان نەداوە، بەمەبەستی شێواندنی راستیەکان‌و شاردنەوەی رۆڵی راستەقینەی بەرپرسان، دەربارەی ئەوەی لەروداوەکانی(2004/3/12) لەقامیشلۆی گەورە شاری پارێزگای حەسەکە رویدا، کە کەوتۆتە نزیکی سنوری سوریا لەگەڵ هەریەکە لەعێراق‌و تورکیا. باسیش لەوە دەکرێت، کاری تێکدەرانە تەنیوەتەوەو چەند شارێکیتری ناوچەکەی گرتۆتەوە. ئەو روداوانەش لەمیانەی(6رۆژ)دا بەگوێرەی سەرچاوە کوردیەکان نزیکەی(40)کوژراوو بەگوێرەی سەرچاوە سوریەکانیش نزیکەی(25)کوژراویان لێکەوتەوە.

بەهۆی فشاری نێودەوڵەتی لەسەر رژێمی عەلەوی فەرمانڕەوای سوریا، لەرۆژی(2004/5/24)رەزامەندی لەسەر ئازادکردنی(27) مێرد منداڵو نەوجەوانی کورد دەربڕی، کەدەسەڵاتدارانی سوریا لەمیانەی روداوی تێکدەرانە لەقامیشلۆو دیمەشق لەناوەڕاستی مانگی(2004/3) لێدەستگیرکردبون. هەریەکە لەسکرتێری گشتی پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی قەدەغەکراوی کورد لەسوریا(عەزیز داود)و سەرۆکی پەیوەندی مافەکان مرۆڤ پارێزەر(انور البنی)، رایانگەیاند:"ئازادکردنی دەستگیرکراوان بەهۆی بڕیاری دادگای روداوەکانەوە بوە، کەکەسوکاری ئەو منداڵانەی تەمەنیان لەنێوان(13–17) ساڵدایە، ئاگادار کردۆتەوە، ئامادەبن، بۆوەرگرتنەوەی منداڵەکانیان".

## رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوا لەسوریا دەکات پێویستە لێکۆڵینەوە لەمردنی دەستگیرکراوانی کورد بکات

لەرۆژی(2004/10/3) رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای پێویستی لێکۆڵینەوە لەمردنی(2)دوان لەو کوردانە دەکات، کە لەکاتی دەستبەسەرکردنیان لەلایەن دەسەڵاتدارانی سوریاوە گیانیان لەدەستداوە. رێکخراوەکە جەخت لەوەش دەکاتەوە، کەراپۆرتیان لایە، کە بەهۆی ئەشکەنجەدانیانەوە مردون. رێکخراوەکە(کە لەندەنی کردۆتە بارەگای خۆی) لەبەیاننامەکەیدا دەڵێ:"ئەحمەد مامۆ گەنجۆ، یەکێك لەو دو کوردەی رۆژی(2004/8/3)دەسەڵاتدارانی سوریا کوشتویانە، بەهۆی بەربونی خوێنی مێشکیەوە، لەئاکامی لێدانی بریندارکەر، تاوەکو گیانی دەرچوە". بەیاننامەکە ئەوەیشی تێداهاتوە، کە ئەو برینەی لەسەری ناوبراودا دروستبوە بۆتەهۆی لێڕویشتنی خوێنی زۆر لەمێشکیدا. پاشان دەسەڵاتدارانی ئاسایش هەستاون بەئازادکردنی لەدۆخێکی زۆر خراپدا، تاوەکو تۆمەتی کوشتنەکەی نەکەوێتە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی سوریا، بۆیە ناوبراویش بەر لەوەی بگاتە ماڵەکەی مردوە".

رێکخراوەکە بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی پێیگەیشتوە، جەخت لەوەیش دەکاتەوە، کەزانیاری جەختلێکراوە هەیە، گەنجۆی تەمەن(37ساڵ)، کەباوکی(3) منداڵە پێشتر بە هیچ سەرپێچیەك تۆمەتبار نەکراوەو تائێستاش براکەی(حسێن)بەتۆمەتی تێوەگلانی بەکاری تێکدەرانەی ئەتنیەوە، کە لەسەرەتای ساڵی (2004)ەوە رویداوە، لەزینداندایە. هەر لەبەیاننامەکەشدا هاتوە: "کوردێکیتری سوریا بەناوی(حسێن حەسەن)لەسەرەتای مانگی(2004/8) لای سیخوڕی سەربازی لەباکوری رۆژهەڵاتی سوریا دەستبەسەرکراوە. بەیاننامەکە جەخت لەوە دەکاتەوە، کەحەسەن باوکی(4) منداڵەو بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە مردوەو هیچ سەرپێچیەکی ئەنجامنەداوە".

رێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ، رژێمی سوریا هەستاوە بەئەشکەنجەدانی رێکخراو لەسەر دەستی هێزەکانی ئاسایشو هەمو راپۆرتەکان ئاماژە بۆخراپ

مامەڵەکردن لەگەڵ بەندکراوانی کورد دەکەن‌و لەنێویشیاندا منالآن لەماوەی مانگی(2004/3)ەوە. ڕێکخراوەکە تیشك دەخاتە سەر ئەوەش، کەزانیاری جەختلێکراوەیان لایە دەربارەی مردنی(9) هاوڵاتی سوریا لەکاتی دەستبەسەرکردنیان لەماوەی ئەم ساڵ(2004)، کە لەنێویاندا(5)یان کوردن.

# ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (ئەمنیستی ئەنتەر ناسیۆنال)
# داوای ڕاگرتنی پێشێلکردنی مافی کوردان دەکات.

لەڕۆژی(2005/3/10) ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی داوای پێویستی ڕاگرتنی چەوساندنەوەی کەمینەی کورد لەحکومەتی سوریا دەکات. هەروەها پێ لەسەر ئەوەش دادەگرێ، کەپێویستە سوریا هەستێ بەگرتنەبەری لێکۆڵینەوە لەو پێکدادانەی، کە لەمانگی(2004/3) ڕویداو بوەهۆی کوژرانی(25کەس)و برینداربونی(100کەس) لەشاری قامیشلۆ لەباکوری ڕۆژهەلآتی سوریا(بەگوێرەی لێدوانی دەسەلآتدارانی سوریا).

ڕێکخراوەکە لەو بەیاننامەیەدا، کە لەیەکێك لەلقەکانی لەشاری بەیروت دەریکردوە دەڵێ:"لەسەر سوریا پێویستە لێکۆڵینەوە لەبارەی تۆمەتەکانی کوشتنی نایاسایی بەهۆی ئەشکەنجەدان‌و خراپ مامەڵەکردن لەمیانەی دەستبەسەرکردنی کوردان لەگرتوخانەکانی سوریا دەستپێبکات". هەروەها کۆڵینەوە لەڕوداوەکانی ئەشکەنجەدانی کوردان بکات، کە لەماوەی مانگی(2004/3)توشی هاتن، کاتێك ڕوبەڕوبونەوە لەنێوان ئەوان‌و هێزەکانی ئاسایش، هەلگیرسا لەکاتی یاریەکی تۆپی پێدا لەشاری قامیشلۆ.

لەبەیاننامەکەدا ژمارەی ڕاگیراوانی نێو زیندانەکانی سوریا لەماوەی ساڵی(2004) بەنزیکەی(2000)دو هەزار کەس دەخەملێنێ، کەزۆربەیان کوردن‌و لەنێویشیاندا ژن‌و منالّ هەن. هەروەك جەختیش لەوە دەکاتەوە، کەدەیان خوێندکاری کورد لەزانکۆو بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆ، دوای بەشداریکردنیان لەناڕەزایەتیە مەدەنیەکاندا دەرکراون. هەروەها بەدڵنیاییەوە باس ڕوداوی کوشتنی گومانلێکراو دەکات، لەوانە کوشتنی ژمارەیەك بەسەربازگیراوی کورد لەڕیزی سوپای سوریا لەسەردەستی هاوڕێ‌و فەرماندە سەربازیەکانی نێو سوپا(واتە کوشتن لەسەر ناسنامە). هەروەها ڕێکخراوەکە جەختدەکاتەوە، کە(5) لەئەسڵی(9) ڕوداوی کوشتن لە(7) مانگی دەستپێکردنی پێکدادانەکانی شاری قامیشلۆ بوەو قوربانیەکانی کوردبون.

ڕێکخراوی ناوبراو داوای پێویستی لابردنی کۆت‌و بەندی قەدەغەکردن لەسەر ڕۆشنبیریی‌و زمانی کورد لەڕژێمی سوریا دەکات، کەنزیکەی(1.5) یەك ملیۆن‌و نیو لەئەسڵی(18)هەژدە ملیۆن هاوڵاتی سوریا قسەی پێدەکەن‌و زۆربەیان لەناوچەکانی باکوری وڵاتدا نیشتەجێن. ئەم بەیاننامەیەی

ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی هاوکاتی هەڵکشانی فشاری نێودەوڵەتیە لەسەر سوریا بۆکشانەوەی هێزەکانی لەلوبنان.

# کوردانی سوریا
# یادەوەری ڕوداوەکانی قامیشلۆ لەکوردستانی عێراق زیندودەکەنەوە

لەرۆژی(2005/3/15)و لەچوارچێوەی بەردەوامی فشاری نێودەوڵەتی لەسەر ڕژێمی سوریا بۆکشانەوەی هێزەکانی لەلوبنان، ئەو کوردانەی سوریا، کەپەنایان بۆعێراق بردبو، دوای ڕوداوە خوێناویەکانی قامیشلۆ، خۆپیشاندانێکیان ئەنجامداو داوای پرسینەوەیان لەبەرپرسانی سوریا دەکرد، لەسەر ئەو ڕوداوانەو پێویستی ئازادکردنی سەدان گیراوی نێو زیندانەکانی سوریاو چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەرێگەی ئاشتیانە.

خۆپیشاندەران دروشمەگەلێکیان بەرزکردبۆوە، کەئاماژە بو بۆیێکەوەگرێدراوی کارەساتی هەڵەبجە لەکوردستانی عێراقو کارەساتی قامیشلۆ لەسوریا، ئەوەش لەهەوڵێکدا بۆئەوەی وایلێبکەن، کەهەردو کێشەکە یەك کێشەیە بۆراکێشانی سۆزی کوردانی عێراق بۆلای خۆیان، بەڵام لەهەمانکاتدا دورکەوتبونەوە لەراگەیاندنی ئەو دروشمانەی کەمسی پەیوەندی کورد–عەرەب دەکات. لەشاری هەولێر ئەو قوتابیە سوریانەی لەوێ دەیانخوێند داوای گردبونەوەیەکی جەماوەریان لەیەکێك لەهۆڵەکان کردو تیایدا فیلمێکی ڤیدیۆیی ڕوبەڕوبونەوە خوێناویەکانیان نمایشکرد، کە لەشاری قامیشلۆ لەگەڵ دەستگیرکردنی دەیان خەڵکی کورد کەوتەوە. هەروەك ناوەندی کاوە بۆرۆشنبیریی کوردیی لەهەولێر ئاهەنگێکی ماتەمینی بەرپاکرد بەبۆنەی ڕوداوەکانی قامیشلۆوەو تیایدا دەستەبژێری کورد لەهەریەکە لەعێراقو سوریا وتەی خۆیان پێشکەشکردو باسیان لەکێشەی کورد لەسوریاو ڕێگەکانی مامەڵە لەگەڵکردنی بەشێوەی ئاشتیانە کرد.

لەهەمانکاتدا ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی یەکێتی کوردی سوریا(لەدەقە عەرەبیەکەدا لیژنە نوسراوە، بەڵام مەبەست پێی مەکتەبی سیاسیە، بۆیە ئێمە وامان کورداند–و.ك) عەبدولباقی یوسف لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانیدا لەهەمان شار وتی:"کێشەکەمان تەنها کێشەی گەلێك نیەو تەنها کێشەیەکی مرۆیی ڕوتیش نیە، بەڵکو کێشەیەکی سیاسیە بەرلەوەی مرۆیی بێت". وتیشی:"بۆیە داوا دەکەین لەم لۆجیکەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بکرێت". سەبارەت بەوەی پەیوەندی بەداواکاری کوردانی سوریاوە هەبێت، ناوبراو جەختی لەسەر پێویستی ئەنجامدانی چاکسازیی ڕاستەقینە لەسوریا کردەوە، کەمافی بەڕێوەبردنی خۆجێیەتی لەناوچەکانی خۆیان بەکورد بدرێتو کاریش بکرێت بۆبەرپاکردنی سیستمێکی دیموکراسیی بۆهەمو گەلی سوریا، بەشێوەیەك لەسایەیدا

کوردو عەرەب دڵنیاییو ئاشتی بژین.(دەوتریّ ئەم جوڵانە سیاسیەی کوردانی سوریا لەکوردستانی عێراق بریتیە لەیەکەم هەوڵی لەمجۆرە، لەماوەی روداوەکانی قامیشلۆوە).

## دیمەشق بەلێبوردنێکی سەرۆکایەتی 312 کورد ئازاد دەکات

لەژێر سایەی فشارە نێودەوڵەتیەکان بۆسەر رژێمی سوریا، دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە لەرۆژی(2005/3/31) هەستان بەئازادکردنی(312) کورد، کە لەسەر روداوەکانی قامیشلۆ دەستگیرکرابونو تۆمەتی تێکدانو ئاژاوەگێڕیان درابوە پاڵ، بەڵام دەزگای هەواڵی سوریا دەڵێت:"ئەو ریّو شوێنانە لەچوارچێوەی لێبوردنێکی سەرۆکایەتیدا بوە، کە لەو هەوڵانەوە سەرچاوەی گرتوە، کەیەکرپزی نیشتمانیو ئاسایشی کۆمەڵو سەقامگیریی بەهێز بکات". لەهەمانکاتدا ئەمینداری گشتی پارتی پێشکەوتوخوازی کورد(عەزیز داود) جەختیکردەوە، هەمو کوردانی دەستگیرکراو ئازادکراون، لەنێویشیاندا ئەوانەی، کەدامو دەزگا ئەمنیەکانی سوریا دەستبەسەریانکردبونو ئەوانەش لەشاری حەلەب راگیرابون، لەکاتی ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز، کەکورد لەمیانەیدا بەدەستپێکردنی مانگی بەهارو دەستپێکردنی ساڵی کوردی ئاهەنگ دەگێڕن. هەروەها انور البنی چالاکوانی بواری مافەکانی مرۆڤو بەرێوەبەری ناوەندی یاسایی سوریا بۆلێکۆڵینەوە پێشوازی لەو لێبوردنە سەرۆکایەتیە کردو بەهەنگاوێکی دانا لەسەر ئاستی چارەسەرکردنی کێشەی کورد. ناوبراو داوای پێویستی ئازادکردنی هەمو گیراوە سیاسیەکانی لەدەسەڵاتدارانی سوریا کرد، لەگەڵ پێویستی گرتنەبەری هەنگاویتر، بۆچارەسەری کێشەی کوردانی داڕنراو لەناسنامەی خۆیانو مافی هاوڵاتیبونیان لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، پێبدریّ.(دەوتریّ پارتە کوردیەکانی سوریا بەشێوەیەکی بەردەوام داوای گێڕانەوەی رەگەزنامە بۆنزیکەی 200 هەزار کورد، کە لەرەگەزنامەی سوریا لەماوەی نێوان ساڵانی 1962–1965و لەژێر ناوی پشتوێنی ئاسایشی عەرەبی داڕنراون).

## نوێبونەوەی ململانیّ لەنێوان دەسەڵاتدارانی سوریاو کوردان

دوای ونبونی(شێخ مەعشوق خەزنەوی)، جێگری بەرێوەبەری ناوەندی توێژینەوەی ئیسلامی لەدیمەشق ماوەی ئاشتبونەوە لەنێوان کوردانو دەسەڵاتدارانی سوریا زۆر درێژەی نەکێشا، لە(2005/5/15) رێکخراوی عەرەبی بۆمافەکانی مرۆڤ بەرپرسیارێتی ونبونی ناوبراوی خستە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی سوریا. رێکخراوەکە(کەبارەگاکەی لەشاری پاریسە) لەبەیاننامەیەکیدا داوای پێویستی ئازادکردنی شێخ مەعشوقو هەمو دەستگیراوە سیاسیەکان لەدەسەڵاتدارانی سوریا کرد، لەگەڵ سەرکۆنەکردنی ئەوانەی هەستاون بەدەستگیرکردنو شاردنەوەی ناوبراو. بەیاننامەکە ئەوەیشی رونکردەوە، کەشێخ مەعشوق بەرەبەیانی رۆژی سێشەمە(2005/5/10) دوای دەرچونی

لەبارەگای کارکردنی وبنوە. لەهەمانکاتدا پارتە کوردیە قەدەغەکراوەکاندا، جەختیانکردەوە، کەدەسەلآتدارانی سوریا لەپشتەوەی ونبونی شێخ مەعشوقەوەن، بەلآم دەسەلآتدارانی سوریا هیچ کۆمێنتێکیان لەسەر ئەو تۆمەتانە نەوت، وەك ئەوەی پەیوەندی پێیەوە نیە.

لەرۆژی(2005/5/21)لەسەرانسەری شاری قامیشلۆ لەباکوری سوریا کوردان خۆپیشاندانێکیان ئەنجامدا، کەنزیکەی(10)دە هەزار کەسی لەخۆگرتبو، داوای ئاشکراکردنی چارەنوسی شێخ مەعشوق خەزنەویان دەکرد، کەلەرۆژی(2005/5/10)ەوە نادیاربو. سکرتێری پارتی یەکێتی(حەسەنە سالَح) لەشاری قامیشلۆ رایگەیاند، کەخۆپیشاندەران داوای لێکۆلّینەوە لەونبونی شێخ مەعشوقو کارکردن بۆدۆزینەوەی چارەسەری دیموکراسی کێشەی کوردو ئازادکردنی پاشماوەی دەستگیرکراوانی کورد لەزیندانو گراتوخانەکانی سوریایان کردوە. لەهەمانکاتدا ئەوەش هات، کەدەسەلآتدارانی سوریا تێوەگلانیان لەروداوی ونبونی شێخ مەعشوق رەتکردەوە، لەکاتێکدا رێکخراوی عەرەبی بۆمافەکانی مرۆڤ لەبەیاننامەیەکیدا رایگەیاندبو، کەدەسەلآتدارانی سوریا لەرۆژی(2005/5/12)، نزیکەی(5)پێنج کەسیان دەستگیرکردوە، کەئنتیمایان بۆرێچکەیەکی وەهابی(سەلەفی) هەیە، لەگەڕەکی زەبدانیی دەوروبەری دیمەشق. بەیاننامەکە ئەوەشی رونکردۆتەوە، کەدەزگای ئاسایشی سیاسی لەزەبدانی لەرۆژی(2005/5/12) هەستاون بەدەستگیرکردنی حەسیم محەمەد مەرعیو تاریق زینو فیراس خەولی عودو بیلال تەتری، کەسەلەفین. بەیاننامەکە ئاماژەشی بەوەداوە، کەدەستگیرکردنی ئەوانە هاوکاتە لەگەلّ هەلّمەتی فراوانی دەستگیرکردن لەشاری لازقیە، کە زیاتر لە(40)کەسی گرتۆتەوە لەسەر بنەمای ئینتیمای ئاینیو وەهابی(دەستگیرکردن لەسەر ناسنامە)، لەگەلّ دەستگیرکردنی ئەو ئیسلامیانەی لەدەرەوە بۆنێو سوریا گەڕاونەتەوە.

لەرۆژی(2005/6/1) حکومەتی سوریا کوژرانی شێخ مەعشوق خەزنەوی راکەیاند بەهۆی ژمارەیەك چەکدارەوە، کەلە(5)کەس پێکهاتبون، بەجۆرێ هەستاون بەرفاندنی ناوبراو لەدیمەشقو گواستنەوەی بۆحەلەب دوای بێهۆشکردنی، پاشان کوشتویانەو لەدێر ئەلزور(430کم رۆژهەلآتی دیمەشق) ئەسپەردەیان کردوەو ئاسایشی ناوخۆ لاشەکەیان دۆزیوەتەوەو تەسلیمی کەسوکاریان کردوە(لەکاتێکدا سەرچاوە کوردسەکان رایانگەیاند، کەبەهۆی پیاوانی سیخوڕی سوریەوە رفێنراوەو راپێکراوە بۆیەکێك لەشوێنە نهێنیەکانا بۆپرسیار لێکردن، کاتێك رەتیکردۆتەوە وەلآمی پرسیارەکانیان بداتەوە لێیانداوە، کاتێکیش بەرهەلّستیکردون، ئەشکەنجەیان داوە تاوەکو گیانی دەرچوە).

یەکسەر هەزاران کورد لەهەمو سەرانسەری گەڕەکەکانی شاری قامیشلۆ(نزیکەی 775کم لەباکوری سوریاوە دورە) لەنێو رێوشوێنێکی توندی ئەمنیدا کۆبونەوە بۆئامادەبون لەپێشواڤیکردن تەرمی پیاوی ئاینی شێخ مەعشوق خەزنەوی، کەلەباروڕدۆخێکی نادیاردا کوژرا. دەربارەی پرۆسەی

شاردنەوەو کوشتنەکەی، ئەمینداری گشتی پارتی دیموکراتی کورد لەسوریا(نەزیر مستەفا) جەختیکردەوە، کەلاشەی خەزنەوی شوێنەواری ئەشکەنجەدانی پێوەبوە، ئەمەش واتە بەهۆی ئەشکەنجەدانەوە مردوە. هەروەها لەبەیاننامەی پارتی یەکێتی لەرۆژی(2005/6/1)دا هاتوە کە:"شێخ محەمەد خەزنەوی لەسەر دەستی دەسەلاتدارانی سوریا کوژراوە".

لەرۆژی(2005/6/3) پارتە کوردیەکانی سوریا داوای ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی رونیان لەرووداوی کوژرانی خەزنەوی کرد. ئەمەش کاتێك بو، کەکەسوکاری شێخ مەعشوق ئەنجەی تۆمەتیالن بۆپیاوانی دەزگای سیخوڕی سوریا بەئەنجامدانی تاوانەکە درێژکرد. هەورەك بەرەی دیموکراسی کوردیو هاوپەیمانی دیموکراسی کوردی لەسوریا بەرپرسیارێـی کوژرانی سەرۆکی ناوەندی توی|چ1ژینەوە ئیسلامیەکانیان لەدیمەشق خستە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی سوریا، بەو پێیەی بەرپرسیارە لەئاسایشی هاوڵاتیان. وەکچۆن باڵی ئایندەی کورد لەسوریا داوای ئاشکراکردنی راستنیان لەکوژرانی خەزنەویدا کرد، بەجۆرێ لیژنەیەکی لێکۆڵینەوەی سوری بێلایەن پێکبهێنرێ لەکۆمەڵێگ پارێزەر کەنوێنەرایەتی هەمو نەتەوەکان لەوڵاتدا بکەن. هەروەها نزیکەی(500)روناکبیری سوریا لەبەیاننامەیەکیاندا پرۆسەکانی کوشتنو تیرۆریان سەرکۆنەکردو پێشیان لەسەر ئەوە داگرت، کەئامانج لەپرۆسەی تیرۆرکردنی خەزنەوی دەمبەستنە واتە کپکردنەوەو دەمکوتنکردنی ناڕەزایی کوردان.

## دەسەڵاتدارانی سوریا 47 کورد دەستگیردەکەن

بەپشت بەستن بەوەی پێشکەشکرا، رێکخراوی عەرەبی بۆمافەکانی مرۆڤ لەبەیاننامەی خۆیدا لەرۆژی(2005/8/15)رایگەیاند:"پۆلیسی سوریا پێشی بەئاهەنگێك گرتوە، کەبەبۆنەی تێپەڕبونی 25 بیستو پێنج ساڵ بەسەر دامەزراندنی پارتی کرێکارانی کوردستان pkk لەشارۆچکەی عەینولعەرەب لەدوری 60کم باکوری رۆژهەڵاتی حەلەب. ئەمەش بوەهۆی استفزازبونی کوردانو دۆخەکە پەرەی سەند بۆکەوتنەوەی ئاژاوە لەنێوان ئاپۆڕای کوردانو پۆلیسی سوریا، کەبەگوێرەی سەرچاوە کوردیەکان نزیکەی(47)کەس بەتۆمەتی دەستدرێژیکردنەسەر پیاوانی پۆلیسو ئەنجامدانی کاری تێکدەرانە دەستگیرکراون".

پارتی دیموکراتی پێشکەوتوخوازی کوردیی قەدەغەکراو لەسوریا رایگەیاند: روبەڕوبونەوەکانی نێوان هەردولا بۆتە هۆی تێکشکانی ترومبێلو کەلو پەل، بەهۆی هاویشتنی بەردو بەکارهێنانی گازی فۆمێسکرێژ لەلایەن پیاوانی پۆلیسەوە. عەزیز داودی سکرتێری پارتی ناوبراو وتی:هێمنی بۆشارەکە گەڕاوەتەوە، بەڵام داوای کرد لەدەسەڵاتدارانی سوریا ك ردوە، هەمو دەستگیرکراوەکان ئازاد بکات.

# هاریکاری سوریا - تورکیا دژی کوردانی سوریا

سوریا لەم ئاستەدا رانەوەستا، بەڵکو لەرۆژی(2005/8/28)دژی گردبونەوە کوردیەکانی وڵاتەکەی لەچوارچێوەی نزکبونەوەی رێکخراو لەگەڵ تورکیا جوڵا، ئەوەش کاتێك، کەدادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەت بڕیاریدا بەزیندانیکردنی سێ کورد بۆماوەی(30)ساڵ بەتۆمەتی پەیوەندیان بەپارتی کرێکارانی کوردستانیی قەدەغەکراوەوە، بەوەی بزوتنەوەیەکی جوداخوازیە دژی رژێمی فەرمانڕەوای سوریا. لەهەمان رۆژدا رێکخراوی عەرەبی بۆمافەکانی مرۆڤ لەسوریا رایگەیاند: دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەتی سوریا ئەو سێ کوردەی بەتۆمەتی تعکیر پەیوەندی دۆستایەتی لەگەڵ تورکیا سەرکۆنەکردوە(دەوترێ هەردو وڵات ترسی هاوبەشیان بەرامبەر کۆششی کوردان بۆهاوپەیمانێتی لەگەڵ کوردانی باکوری عێراق هەیە بۆبەپتەوکردنی هەنگاوو پلانەکانیان بەرەو جیابونەوەو دامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆی کوردی).

دەسەڵاتدارانی سوریا ساڵی(1998) پارتی کرێکارانی کوردستانی دژی تورکیایان لەچوارچێوەی هەنگاوەکانی بۆچاکردنی پەیوەنیەکانی لەگەڵ تورکیا قەدەغەکرد. دیمەشق هەستا بەدەرکردنی عەبدوڵلا ئۆجەلانی سەرۆکی ئەو پارتە، کەهەوڵ بۆدامەزراندنی نیشتمانێکی سەربەخۆ بۆکوردان لەباکوری رۆژهەڵاتی تورکیا دەدات. لەرۆژی(2005/9/26) دیسان دادگای باڵای ئاسایشی دەوڵەت لەسوریا بڕیاریدا بەزیندانیکردنی دو کورد بۆماوەی دو ساڵو نیو بەتۆمەتی پەیوەندیان بەپارتێکی سیاسیەوە. ئەوانیش بریتی بون لە(شاهین محەمەدو هاشم ئەحمەد)ی ئەندام لەپارتی یەکێتی دیموکراتی کوردیی قەدەغەکراو لەسوریا، بەشێوەیەك رژێمی سەریا وادەبینێ، کەئامانجی ئەم پارتەو جگە لەویش لەپارتە قەدەغەکراوەکانیتریش بریتیە لەدابڕینی پارچەیەك لەزەویەکانی سوریاو لکانی یاخود خستنەسەر دەوڵەتێکیتر. لەکاتێکدا چالاکوانانی کورد لەسوریا ئەو تۆمەتانە ئاراستەکراوانە رەتدەکەنەوەو جەختدەکەنەوە، کەتەنها داوای دانانان بەزمانو رۆشنبیریو مافە سیاسیەکانیان، بەتایبەت کەژمارەی کوردانی سوریا بەنزیکەی(1.5) یەك ملیۆنو نیو دەخەملێنرێو رێژەی(10−12٪)ی دانیشتوان پێکدێنن، لەکاتێکدا سەرژمێری میری عەلەویەکانیان تەنها بەرێژەی(8٪)دەخەملێنێت.

لەرۆژی(2005/10/5) بەیاننامەیەکی پارتی ئازادی کورد دەرچو، ئاماژە دەکات بۆئەوەی، کەبەسەدان کورد لەگۆڕەپانی شابەندەر لەدیمەشق کۆبونەتەوە، وەك پاڵپشتی ئەو کوردانەی لەرەگەزنامەی سوری بێبەشکراون، کەژمارەیان بەنزیکەی(225)هەزار کەس مەزەندە دەکرێت، کەسەرژمێری ساڵی(1962) نەیگرتنەوەو ئەمەش بوەهۆی بێبەشبونیان لەرەگەزنامەی سوریا. ئەم تچامن ناڕەزاییەك بو لەسەر هەمو ئەو شتانەی، کەهەمو کوردانی سوریا بەسیاسەتی جیاکاری نەتەوەییان شرۆڤەکرد، بەهۆی سەرژمێری بەئەنقەستی دانیشتوان لەساڵی(1962)، لەگەڵ ئارەزوی وەدەستهێنانی مافە سیاسیو رۆشنبیریەکانیان.

لەكۆتايی ئەم توێژینەوەیەدا، ئاماژە بۆئەوە دەكەین، كەكێشەی كوردو ئەوەی كەتوشی دەبێت لەسەركوتكردنو تنكیلو گەمارۆدان لەسەر دەستی رژێمی عەلەوی فەرمانڕەوا تائێستاش بەردەوامە.

# پەراوێزەکان

1. ئەحمەد زاویتی: کوردانی سوریا یادەوەری روداوەکانی قامیشلۆ لەرۆژی(2005/3/15) دەکەنەوە، ئاژانسەکان.
2. ئاسۆشیەتدپرێس (ئاژانس): هەزاران کورد لەقامیشلۆ رۆژی (2005/6/1) کۆبونەتەوە بۆئامادەکردنی تەرمی مەعشوق خەزنەوی.
3. اکرم البنی: کوردانی سوریا، رۆژی(2004/10/3).
4. انور البنی: سەرۆکی پەیوەندی مافەکانی مرۆڤی سوریا ئازادکردنی 27 منالی کورد رادەگەیەنێت، رۆژی(2004/5/24)، ئاژانسەکان.
5. باسیلی نیکیتین: کورد، لێکۆڵینەوەیەکی سۆسیۆلۆجیو مێژویی، خانەی ساقی، بەیروت، 2001.
6. هەولی چونە نێو بالۆێزخانەی سوریا لەلەندەن، لەرۆژی (2004/3/14)، bbc.
7. دیندار نجمان(ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوی ئیسلامی کوردستان): شۆڕشەکانی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی سەربەخۆییدا، رۆژی(2004/2/5)، کەنالی جەزیرە.
8. رۆیتەر (ئاژانس): کۆنگرەی رۆژنامەوانی بەشار ئەسەد لەکاتی سەردانکردنی ئەلمانیا، رۆژی (2001/7/10).
9. عەبدولباقی یوسف: بەیاننامەی یەکێتی کورد لەسوریا، رۆژی (2004/4/7)، ئاژانسی رۆیتەرز.
10. عەدنان موفتی(ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان): فیدرالیزمو خەونی پێکهێنانی دەولەتی کوردیی، رۆژی (2004/2/5)، کەنالی جەزیرە.
11. عەرەبی شەمۆ: شوانی کورد.
12. عەلی حەمود: لێدوانی وەزیری ناوخۆی سوریا(عەلی حەمود) دەربارەی روداوەکانی قامیشلۆ، رۆژی(2004/3/18).
13. فاروق ئەلشەرع: وەزیری دەرەوەی سوریا جەخت لەسەر بونی خەلکانی دەسەندە لەپشتەوەی روداوەکانی قامیشلۆ دەکاتەوە، رۆژی (2004/3/23)، ئاژانسی هەوالی فەرەنسا.
14. مەشعەل تەمۆ: 17حەڤدە کوژراو، هەمویان کوردن، رۆژی (2004/3/17)، ئاژانسەکان.

15. ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی (لەندەن): ئەشکەنجەدان و کوشتنی کوردان لەزیندانەکانی سوریا، ڕۆژی (2004/10/3)، ڕۆیتەرز.

16. ڕێکخراوی عەرەبی بۆمافەکانی مرۆڤ (پاریس): بەیاننامە دەربارەی شاردنەوەی جێگری بەڕێوەبەری توێژینەوە ئیسلامیەکان لەدیمەشق، ڕۆژی (2005/5/15)، ئاژانسەکان.

17. مەهدی خۆشناو: سەرۆکی یەکێتی نوسەرانی کوردستان، شۆڕشەکانی کورد لەپێناوی وەدیهێنانی سەربەخۆییدا، ڕۆژی(2004/2/5)، کەناڵی جەزیرە.

18. ئاژانسی هەواڵی فەرەنسا: بەیاننامەی سەرکردایەتی کورد بۆهێورکردنەوەی بارودۆخەکە، ڕۆژی(2004/3/19).

19. ئاژانسەکانی هەواڵ: کوژرانی(14) کەس لەکاری توندوتیژیدا لەقامیشلۆ، ڕۆژی(2004/3/13).

**دانراوەکانی نوسەر(حسێن عەلی)**

- الانشطار: التطور التاريخي للانشطار النووي.
- لماذا تفوقت إسرائيل على العرب نوويا؟

- البرنامج النووي الإيراني:

- الكتاب الأول: هل ستصبح إيران دولة نووية تخشاها المجاورة لها؟ القنبلة النووية الشيعية.(1).
- الكتاب الثاني: رعب فى دول الخليج وإسرائيل من بناء القنبلة النووية الشيعية الإيرانية.) (2).
- الكتاب الثالث: بداية التعاون الخليجي العلني مع دول الغرب وإسرائيل لوقف بناء القنبلة الإيرانية.(3).
- الكتاب الرابع: المراحل التمهيدية للمواجهة الكارثية بين الغرب ودول الخليج من جهة وإيران من جهة أخرى.(4.
- ظاهرة الاحتكار فى الأسواق المصرية، دراسة نقدية.
- تجاوب مصري ضعيف رغم الضغوط الأمريكية والأوربية لتحرير سياسة سعر الصرف خلال الفترة من عام ٢٠٠٠ الى عام ٢٠٠٥ ، دراسة نقدية.
- أزمة الإعلام التعاوني فى العالم العربيى، دراسة نقدية.
- قضايا ديموجرافية فى كل من مصر وإسرائيل ، دراسة نقدية.

- سلسلة قضايا عربية استراتيجية مثيرة للجدل:

- مايو ٢٠٠٥ ، يوليو ٢٠٠٥ ،أغسطس ٢٠٠٥

- التاريخ القديم لشمال أفريقيا، ليبيا وتونس والجزائر والمغرب.

- الكتاب الأول: بداية من السكان الأصليين ثم الفينيقيين وإمبراطورية كرطاج، باللغة الإنجليزية.
- الكتاب الثاني: النفوذ الاغريقى والروماني والبيزنطي ، باللغة الإنجليزية.

- محاسبة سورية :قضايا سورية بالغة التعقيد.
- الصراع البريطاني الأرجنتيني حول جزر الفولكلاند.

- الكتاب الأول : بداية الأزمة ، باللغة الإنجليزية.
- الكتاب الثاني :الاحتلال الارجنتينى للفولكلاند.
- الكتاب الثالث : بريطانيا تستعيد جزر الفولكلاند بالقوة العسكرية.

- موسوعة : رجال لهم تاريخ فى مصر والعالم العربي .حرف ال(أ).
- القاموس الإسلامي: (أ).
- قصة أصحاب الفيل.
- قصة أصحاب الأخدود.
- سيطرة ومال ودماء : قصة وسيناريو وحوار.
- بطل المدينة :قصة وسيناريو وحوار.
- مسرح الطفل: لا للشر .. نعم للحب.
- القتلة ومصيف جمصة الهادئ ، رواية.

- موسوعة الجيب لمخرجي السينما المصرية: حرف( أ) – حرف (ب الى ج) – حرف(ح).

- المحاكمة(١) .
- تأريخ المسرح المصري عبر عصره الحديث، مسرح تسجيلي.
-

1. بزوتنەوەی گەلانی ناعەرەب(شعوبیەت) لەئیسلامدا، لێکۆڵینەوە، 2004، بڵاوکراوەکانی خانەی چاپو بڵاوکردنەوەی وەزارەتی رۆشنبیریی سلێمانی.
2. مێژووی پێکهاتنو پەرەسەندنی بیری تۆرانیزم، لێکۆڵینەوە، 2008، بڵاوکراوەکانی پرۆژەی کتێبی گۆڤاری(کۆچ).
3. موقەدەسو کولتور، لێکۆڵینەوە، 2008، بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپو پەخشی سەردەم.
4. گوتاری ئیسلامیو گرفتی ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی، لێکۆڵینەوەو وتوێژ، 2009، بڵاوکراوەکانی خانەی رەهەند.
5. ئازادی رادەربڕین لەنێوان ئاینو ئازادیدا، لێکۆڵینەوە، 2009، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی سایە، سلێمانی.
6. دەربارەی زانستی مێژوو، فەلسەفەی مێژوو، نوسینو ئامادەکردنو وەرگێڕان، 2009، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رێنما، سلێمانی.
7. عوسمانییەکان، چاپی یەکەمو دووەم، 2008و2009، وەرگێڕان، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رێنما، سلێمانی.
8. سیستمی پەروەردەیی لەوڵاتانی ئەسکەندەناڤیا، سوید، نەرویژ، دانیمارك، وەرگێڕان، 2009، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی سایە، سلێمانی.
9. چەردەیەك لەکولتوری دیموکراسیی ئەمریکا، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن)، 2009، بڵاوکراوەکانی(60)کتێب دەربارەی پێکهاتە فیکرییەکانی دیموکراسی.
10. دەربارەی ئەمریکا، دەستوری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، سەرنجو راڤەرکاریی، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن)، 2010، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی.
11. ژیانی سیاسیی لەباشوری کوردستان(1975–1991)، رەوتی سۆسیالیستیو دروستبونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نموونە(تێزی ماستەرنامە)، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2011.
12. کوردان لەژێر داگیرکاریی فەرەنسا، لاپەڕەیەك لەمێژوی سیاسی روژئاوای کوردستان، وەرگێڕان. چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، 2013.
13. تراژیدیای کورد لەسوریا، وەرگێڕان، بڵاوکراوەکانی چاپخانەی رێنما، سلێمانی، 2013.

## ئەو بەرهەمانەی لەژێر چاپدان:

- لەبارەی رۆژهەڵاتناسییەوە، ئامادەکردن، پرۆژەی کتێبی گۆڤاری(کۆچ).
- جوڵانەوەی کورد لەبەڵگەنامەکانی فەرەنسا، وەرگێڕان بەهاوبەشی لەگەڵ(حەسەن حسێن).